# نوێژی مردوو
# (صَلاةُ الجَنازَة)

پێداچوونەوەی: شێخ عبداللّٰه بن عبدالرحمن الجبرين

وەرگێڕانی: حەمزە بەرزنجی

تێبینی وەرگێڕ/ لە هەندێك جێگای ئەم ئەحکامانەدا لای زانایان ڕای پێچەوانەش هەیە، بەڵام لەبەر پاراستنی ئەمانەتی زانستی تەرجەمە کردن دەستکاریم نەکردووەو وەك خۆی بابەتەکەم هێشتۆتەوەو وەرم گێڕاوە. چونکە لە باسی شێوازی شۆردنی مردوودا وردەکاری کردووەو زیاتر مەبەستی من ئەو بابەتەی بووە. خوای گەورە نییەتەکانمان پاك بکاتەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

- لەسەر موسڵمان پێویستە کە خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو کاتەی کە مردن دادەبەزیتە سەری، وە پێویستە کردەوەی چاکە زۆر بکات و خۆی لە حەرام کراوەکان دووربخاتەوە. وە هەردەم مردن لە بیریدا بێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (( أكثروا من ذكر هادم اللذات )).رواه الترمذي وصححه الألباني في الإرواء(٦٨٢).

واتە: زۆر یادی لەزەت ڕوخێنەرەکە بکەنەوە کە بریتیە لە مردن.

- ئەگەر موسڵمانێك مرد ئەوا لەسەر کەسانی چواردەوری چەند خاڵێك پێویستە کە هەستن بە ئەنجامدانی:

١- دەبێ چاوەکانی مردوەکە دابخەن چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەردوو چاوی أبی سەلەمەی(ڕەزای خوای لێ

بێـت)داخســت و فـەرموی: (( إن الــروح إذا قــبض تبعــه البصر )). رواه مسلم

واتە: کاتێك ڕۆح دەکێشرێت و لە لاشە دەردەچێت چاو شوێنی دەکەوێت و بۆی دەڕوانیٚ.

٢- پێویستە جومگەکانی نەرم بکەن و بیجوڵێنن تا ڕەق نەبێت و شتێکیش بخەنە سەر سکی تا نەئاوسیٚ.

٣- پێویســتە هــەموو لاشــەی بــە پۆشـاکێك دابپۆشــن. لەبــەر فــەرمودەی عائیشــە(ڕەزای خــوای لیٚ بێــت) کــە دەفـەرموێت: (( أن رسـول الله(ﷺ)حين تـوفي سـجّي بـبرد حبرة )). متفق عليه.

واتــە: کــاتیٚ پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) وەفــاتی کــرد بــە پۆشاکێکی خەتدار دایان پۆشی.

٤- پەلـە بکـەن لـە ئامـادە کـردن و نوێـژ لەسـەر کـردن و شاردنەوەی. لەبـەر فـەرمودەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کـە دەفەرموێت: (( أسرعوا بالجنازة )).متفق عليه

واتە: دەستوبردو پەلە بکەن لە بەڕێکردنی جەنازەدا.

٥- پێویستە لەو شارەدا بینێژن کە تیایدا مردوە. چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ڕۆژی ئوحددا فەرمانی کرد کە شەهیدەکان لە شوێنەکانی خۆیاندا بنێژن و نەیان گوێزنەوە. /رواه أهل السنن و صححه الألباني في أحكام الجنائز ص ١٤

## شۆردنی مردوو

- شۆردنی مردوو وە کفن کردن و نوێژ لەسەرکردن و شاردنەوەی فەرزی کیفایەیەو ئەگەر کۆمەڵێك لە موسڵمانان پێی هەستان ئەوا گوناه لەسەر ئەوانی تر لا دەچێ.

- شیاو ترین کەس بەشۆردنی مردووەکە کەسانی وەصیەی خۆیەتی واتە: ئەو کەسەی کە مردو پێش مردنی وەسیەتی کردووە بیشوات.

- پاشان باوك و دایکی، چونکە بەسۆزترین کەسن بۆیو شارەزان بە حاڵی منداڵەکەیان، پاشان نزیکان و نزیکانی...

- مێ (ئافرەت) وەصییەکەی دەیشوات، پاشان دایکی پاشان کچەکەی پاشان نزیکان و نزیکانی.

- پیاو بۆی هەیە هاوسەرەکەی خۆی بشوات، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە بە عائیشەی فەرموو: (( ما ضركِ لو متِّ قبلي فغسلتكِ.... )).حديث صحيح رواه أحمد. ينظر تخريجه في رسالة (الغسل والكفن) للشيخ مصطفي العدوي ص (٤٦).

واتە: چی زیانت لێ دەدات ئەگەر پێش من بمریت و بتشۆرم...

وەئافرەت بۆی هەیە مێردی خۆی بشوات. چونکە ئەبوبەکر(ڕەزای خوای لێ بێت) وەسیەتی کرد کە خێزانەکەی بیشوات./أخرجه عبدالرزاق في المصنف رقم (٦١١٧)

- چ پیاو و چ ئافرەت ئەتوانن منداڵێك بشۆن کە لە حەوت ساڵ بچوکتر بێت. ئیتر مردوەکە نێر بێت یا مێ، چونکە عەورەتی حوکمی نیە.

- ئەگەر پیاوێك مرد لە نێوان کۆمەڵێك ئافرەت دا یان ئافرەتێك لە نێوان پیاودا مرد ئەوا ناشۆردرێت، بەڵکو

تەیەمومی بۆ دەکرێت، بەوەی کە یەکێك لە ئامادەبوان هەردو دەستی دەکێشێت بە گڵەکەداو دەیهێنێ بە دەمو چاوو هەردو دەستی مردوەکەدا.

- حەرامە موسڵمان کافر بشوات، یان بیشارێتەوە، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿ ولا تصلِّ علي أحدٍ منهم مات أبداً... ﴾سورة التوبة /٨٤

واتە :هەرگیز نوێژ لەسەر کەسیان مەکە کاتێك دەمرن (واتە بێ باوەڕو مونافیق).

جامادام خوای گەورە نەهی کردبێت لە نوێژ کردن لەسەری (کە ئەمە گەورەترە) ئەوا دیارە نەهی کراوە لەو بچوکتریش(کە شۆردن و شاردنەوەیە).

- سوننەتە لەکاتی شۆردنی مردودا عەورەتی داپۆشرێت، پاشان پۆشاکەکەی دابکەندرێت. وە لە چاوی خەڵکی بشارێتەوە، چونکە لەوانەیە لەسەر حاڵەتێکی خراپ مردبێت، پاشان سەری بەرز دەکرێتەوە تا نزیك دەکرێتەوە لە شێوەی دانیشتن، وەسکی دەگوشرێت بە هێواشی تا هەرچی پیسی هەیە

لێی دەربچێت و لەو کاتەدا ئاو زۆر دەکرێت بە سەریدا تا هەرچی لێوە دەردەچێت پاك بێتەوەو بڕوات.

- پاشان کەسی مردووشۆر پارچەیەك پەڕۆ یا دەستکێشێك لەدەست دەپێچێت و داوێنی مردوەکەی پێ دەشوات بە بێ ئەوەی بیبینێت یان دەستی لێ بدات ئەگەر مردوەکە لە حەوت ساڵ زیاتر بوو، پاشان ناوی خوای گەورە دەبات و دەست نوێژی بۆ دەگرێت وەك دەست نوێژی نوێژ. لەبەر فەرمودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە بەو کەسانەی دەفەرموو کە زەینەبی کچیان دەشۆرد: (( إبدأن بميامنها ومواضع الوضوء منها )). متفق عليه.

واتە: لەلای ڕاست و لە ئەندامەکانی دەستنوێژییەوە دەست پێ بکەن و سەرەتا ئەو شوێنانە بشۆرن.

بەڵام ئاو ناکەنە لوت و دەمیەوە، بەڵکو کەسی بشۆر هەردو پەنجەی پەڕۆیەکی تەڕی تێوە دەپێچێ‌و دەیخاتە ناو دوو لێوی مردوەکەو ددانەکانی دەسڕێت پێی و هەردو کونە لوتی پێ پاك دەکاتەوە.

پاشـان چـاك وايـه كـه بـه ورده كـوتراوى (سـيدر)(كـه گيايـــەكى بـــۆن خۆشـــە) ســـەرو ڕيشـــى بشـــوات، پاشماوەكەشى بۆ لاشەى بەكاردێنێت.

- پاشـان لاى ڕاسـتى مردووەكـە لـە پێشـەوەو لـە دواوە دەشـوات. هـەروەها لاى چەپيشـى. لەبـەر فەرمودەكـەى پێشوو: (( إبدأن بميامنها )).

پاشـــان ئەمـــە دووبـــارەو ســـێ بـــارە دەكاتـــەوە. لەبـــەر فەرمودەى پێشوو: (( إغسلنها ثلاثا )).

واتە: سێ جار بيشۆرن.

لە هەموو جارێكدا مردووشۆر دەستى دەهێنێ بەسكى مردوەكـەداو ئەگـەر شـتێكى پيسـى لـێ دەرچـوو پـاكى دەكاتەوە.

- مردوو شۆرەكە بۆى هەيە كە زياد لە سێ جار با لە حەوت جاريش تێ پەڕ بكات بيشوات. ئەگەر پێويستى كرد.

سوننەتە لە شۆردنی کۆتایدا بە کافور بیشوات. لە بەر فەرمودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە فەمودەکەی پێشودا:
(( إجعلن في الغسلة الآخيرة كافورا )).
واتە: لە کۆتا شۆردنی‌دا کافور بەکار بهێنن.
کە ئەویش بۆنێکی خۆشی ناسراوی ساردەو بۆنەکەی مێروو ڕاودەنێ.
- واچاکەو موستەحەبە کە مردوو بە ئاوی سارد بشۆردرێت مەگەر لەبەر پێویستی بوون بە ئاوی گەرم. وەك ئەوەی چڵکێکی زۆر لەسەر لاشەی مردوەکە بێت.
وە بۆی هەیە صابون بەکاربهێنێ بۆ لابردنی چڵك، بەلاّم بە توندی دەستی لێ ناخات نەکو پێستەکەی بریندار بێت. وە ئەتوانێ ددانەکانی بە داری دان پاك کردنەوە(سیواك) پاك بکاتەوە.
- چاك وایە سمێڵی مردوو کورت بکرێتەوەو نینۆکی بکرێت ئەگەر درێژ بوو وە لە ئاستی ئاسایی خۆی زیاد بوو. بەلاّم مووی بن باڵ و داوێن نابێ لابرێت.

– چاك نیه كه قژی مردوو دابهێنرێت، چونكه دەوەرێت. بەڵام قژی ئافرەت ئەوا دەكرێت بە سێ پرچ و بەسەر پشتیدا بەردەدرێتەوە.

– چاك وایە مردوەكە دوای شۆردنی وشك بكرێتەوە.

– ئەگەر مردوەكە دوای حەوت شۆردنەكە شتێكی پیسی لێ دەرچوو (میز یا پیسایی یان خوێن)، ئەوا كۆمی دەئاخنرێت بە لۆكە پاشان شوێنە پیس بووەكە دەشۆردرێت و پاشان دەست نوێژی بۆ هەڵدەگرێت. بەڵام ئەگەر دوای كفن كردنی لێی دەرهات ئەوا غوسل ناكرێتەوە چونكە نارەحەتی تێدایە.

ئەگەر كەسی ئیحرام دابەست بە حەج یان عومرە مرد ئەوا بە ئاوو سیدر دەشۆردرێت وەك پێشتر باس كرا. بەڵام عەترو بۆنی خۆشی لێ نادرێت و سەری داناپۆشرێت ئەگەر نێر بوو. لەبەر فەرمودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) كە لە دەربارەی ئەو كەسەی لە كاتی حەج دا مرد فەرمووی: (( لاتُحَنِّطوه )).

واتە: بۆنی خۆشی لێمەدەن.

وه فەرمووی: (( لاتُخَمِّروا رأسه فإنه يبعث يوم القيامة ملبّيا)) متفق عليه

واته:سەری دامەپۆشن چونکە ئەو لە ڕۆژی دواییدا کە زیندو دەکرێتەوە تەلیبە دەکات و (لبيك اللهم لبيك) دەڵێت.

- شەهیدی گۆڕەپانی جەنگ ناشۆردرێت. چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ): (( أمر بقتل أحد أن يدفنوا في ثيابهم وألا يغسلوا )). رواه البخاري

واتە: فەرمانی کرد کە شەهیدانی ئوحود لە پۆشاکەکانیاندا بنێژرێن و نەشۆردرێن.

بەڵکو شەهید لەو پۆشاکەی کە تیایدا مردوە دفن دەکرێت دوای لێ داماڵینی چەك و پێڵاو. وە نوێژی لەسەر ناکرێت چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوێژی لەسەر شەهیدانی ئوحود نەکرد/متفق عليه.

- کۆرپەی لەبارچوو ئەگەر گەیشتبووە (٤)مانگ دەشۆردرێت و نوێژی لەسەر دەکرێت و ناو دەنرێت. لەبەر فەرمودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە فەرمویەتی:

(( إن أحدكم يكون في بطن أمه أربعين يوما نطفة، ثم يكون علقة مثل ذلك، ثم يكون مضغة مثل ذلك، ثم يرسل له ملك فينفخ فيه الروح )). رواه مسلم

واته: هەریەك لەئێوە چل ڕۆژ لەسکی دایکیدا پارچە ئاوێکە. چل ڕۆژی تر دەبێتە پارچە خوێنێکی هەڵواسراو. پاشان چل ڕۆژی تر دەبێتە گۆشت پارەیەك. پاشان خوای گەورە مەلائیکەتێکی بۆ دەنێرێ و ڕۆحی پێدا دەکات.

واتە دوای چوار مانگ. بەڵام پێش ئەم ماوەیە پارچەیەك گۆشتەو لەهەر شوێنێکدا بێت دەشاردرێتەوە بەبێ شۆردن و نوێژ لەسەر کردن.

– هەرکەس نەدەتوانرا بشۆردرێت لەبەر نەبونی ئاو یان لەت و پەت بونی یان سوتانی، ئەوا تەیەمومی بۆ دەکرێت. واتە کەسێك لە ئامادەبوان دەستی دەکێشێ بە گڵداو دەم و چاوو هەردودەستی مردووەکەی پێ مەسح دەکات تا مەچەکی.

– لەسەر مردوو شۆرەکە پێویستە کە هەر شتێکی بینی لەلاشەی مردوەکەداو باش نەبوو ئەوا باسی نەکات و بیشارێتەوە. وەك ڕەش بونی دەموچاو یان بینینی شوێنەواری زۆر خراپ لەسەر لاشەی و لەم بابەتانە. لەبەر فەرمودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە دەفەرموێت:

(( من غسل مسلما فكتم عليه، غفر الله له أربعين مرة )).

رواه الحاكم وصححه الألباني في أحكام الجنائز ص(٥١).

واتە: هەرکەسێك مردوویەکی موسڵمان بشوات و عەیبەکانی بۆ بشارێتەوەو باسی نەکات، ئەوا خوای گەورە چل جار لێی خۆش دەبێت.

# داپۆشین (کفن) کردنی مردوو

- کفـن کردنــی مـردوو واجبــه. وەدەبــێ لــه ســامانی مردووەکه بکڕدرێت لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خـوا(ﷺ) لــەبارەی ئــەو کەســەی کــه لــەکاتی ئیحــڕام دا مــرد فەرمووی: (( کفنوه في ثوبيه )).

واته: له دوو پۆشاکەکەی خۆیدا کفنی بکەن.

وه کفـن کردنەکـه پـێش دەخرێـت بەسـەر قـەرز دانـەوەو وەسیەت و میراتیەکەیدا.

- ئەگەر پارەی نرخـی کفنەکـەی نـەبوو ئـەوا لەسـەر ئـەو کەسانه واجب دەبێ که دەبێ نەفەقـەی بـدەن، ئـەوانیش ئەصل و فەرعەکانین وەکو: باوك یان باپیر. یان کـوڕ یـان کوڕەزا. وه ئەگەر ئەوانیش نەیان بوو ئـەوا لەسـەر (بَیـتُ المـال)ە، ئەگـەر نـەبوو ئـەوا لەسـەر هـەر موسڵمانێك کـه ئاگای له حاڵی هەیه.

- واجب له کفنی مردوودا ئەوەیه که پۆشـاکێك بێـت کـه هەموو لاشەی داپپۆشێت.

- چاك وايه پياو كفن بكرێت له سێ كفنی سپيدا، چونكه پێغەمبەری خوا(ﷺ) ((كفن في ثلاث لفائف بيض)). متفق عليه

واته: له سێ كفنی سپيدا كفن كرا.

بۆن خۆش دەكرێت و پاشان لەسەر يەك دادەخرێت و(حَنوط) كه بۆنێكی تايبەته به مردووەكه دەكرێته نێوانيانەوه، پاشان مردوەكه به پشتا دەخرێته سەر كفنەكەو پاشان لۆكەيەكی بۆن خۆش كراو دەخرێته نێوان هەردوو سمتيەوه تا بۆنی ناخۆشی لێ دەرنەچێ.

- چاك وايه پارچه پەڕۆيەك كه لۆكەيەكی لەسەر بێت داوێنی پێش و پاشی مردووەكەی پێ دابپۆشرێت و ببەسترێت.

- چاك وايه (حَنوط)ەكه واته بۆنه خۆشەكه بكرێته كونەكانی دەم و چاوی مردووەكەوه وەك هەردو چاوی و كونی لوتیو لێوەكان و هەردو گوێی. وەشوێنەواری سەجدەكانی. وەئەگەر هەموو لاشەی بۆن خۆش بكرێت

هیچی تێدا نیە. لەبەر ئەوەی هەندێك لە هاوەڵاّن(ڕەزای خوایان لێ بێت) کردوویانە.

- پاشان یەکەم خام دەدرێت بەسەر لای ڕاستیدا پاشان لاکەی تری دەدرێت بەسەر لای چەپی‌دا. دوایی خامی دووەم و سێیەم وەکو یەکەمی لیّ دەکرێت. پاشان ئەو پارچە پەڕۆیە ڕادەکێشرێت کە داوێنی پیّ داپۆشی بوو تا داوێنی نەبیریّ. پاشان گریّ دەدرێت لەخامەکەو دەبەسترێت بە حەوت گریّو لە حەوت جێگاوە دەبەسترێت تا نەکرێتەوە. لەگەڵ بەستنی شوێنە زیادەکانی ئەم سەرو سەری کفنەکەو پاشان دەدرێتەوە بەسەر سەرو قاچەکانی‌دا. دواتر گرێیەکان لە گۆڕەکەدا دەکرێتەوە. خۆ ئەگەر لە حەوت گریّ کەمتر بێت هیچی تێدا نیە. چونکە مەبەست لەوە تێك نەچوونی کفنەکەیە.

- درووستە مردوو کفن بکرێت لە پۆشاك و کراس دامێن دا، بەڵاّم چاکتر ئەمەیە کە باسکرا.

- ئافرەت کفن دەکرێت لە (٥) پۆشاکدا بەم جۆرە:

كراس دامێن (إزار) كه خواروی لاشەی دادەپۆشێ، وه سەرپۆش كه هەموو سەری دادەپۆشێت، وه (قەمیص)(ئەمیش وەكو پۆشاك وایه بەڵام هەردوو لاو تەنیشتی كراوەیه)، وه دوو خام كه تێوەی دەپێچرێت و هەموو لاشەی دەگرێتەوه.

## نوێژ كردن لەسەر مردوو

نوێژی مردوو فەرزی كیفایەیه، واته: ئەگەر هەندێك له موسڵمانان ئەنجامی بدەن كافیەو لەسەر ئەوانی تر لادەچێت.

- سوننەته ئیمام له ئاستی سەری پیاوو له ناوەڕاستی ئافرەتدا بوەستێ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وای كردوه./رواه أبو داود وصححه الألباني في أحكام الجنائز ص (١٠٩).

- سوننەت وایه ئیمام پێش مەئمونەكان بكەوێت، بەڵام ئەگەر هەندێكیان جێیان نەبوەوه ئەوا لەلای ڕاست و چەپی‌یەوه دەوەستن.

- ئیمام چوار تەکبیر دەکات: دوای تەکبیری یەکەم پاش ئەوەی (إستعاذة) دەکات سورەتی (الفاتحة) دەخوێنێ.
وە دوای تـــەکبیری دووەم ســـەڵاوات دەدات لەســـەر پێغەمبـــەری خـــوا(ﷺ) هـــەروەك لەتـــەحیاتی نوێـــژدا دەکرێت واتە دەڵێت:

(( اللهم صل على محمد وعلى آل محمد، كما صليت على ابـراهيم وعلـى آل ابـراهيم انـك حميـد مجيـد. اللـهم بـارك علـى محمـد وعلـى آل محمـد، كمـا باركـت علـى ابـراهيم وعلى آل ابراهيم إنك حميد مجيد )).

خـۆ ئەگـەر کـورتی بکاتـەوەو بڵێـت: (( اللـهم صـل علـى محمد )) ئەوا دروستە.

پاشان دوای تـەکبیری سێیەم دەپاڕێتـەوە بـۆ مردوەکـە بـەو دوعایانـەی واریـد بـووە لەوانـە: (( أللـهُمَّ اغفِـرْ لَـهُ. وَارْحَمْـــهُ. وَعافِـــهِ وَاعـــفُ عَنْـــهُ. وَأكـــرِم نُزُلَـــهُ. وَوَسِّعْ مُدْخَلَـهُ. وَاغسِلْهُ بِالمـاءِ وَالـثَّلجِ وَالبَـرَدِ. وَنَقِّـهِ مِـنْ الخَطايا كما نَقّيتَ الثَّوبَ الأبيضَ مِنَ الدَّنسِ. وأبدِلْهُ داراً خَـيراً مِـنْ دارهِ. وَأهـلاً خـيراً مِـنْ أهْلِـهِ. وَزَوجـاً خـيراً مِـنْ

زَوجِـهِ. وأدخِلْـهُ الجَنّـةَ. وَأعِذهُ مِنْ عَـذَابِ القَبْـرِ ( وَعَـذَابِ النّار) )). رواه مسلم

واتــه: خوايــه لــێی خــۆش ببــەو ڕەحمــی پــێ بكــەو بیپارێزە(لـە ناڕەحـەتی)و لـێی ببـورەو لەشـوێنگەیەكی ڕێز لێ گیراو (لـە بەهەشـت) داینـێ و گۆڕەكـەی بـۆ فـراوان بكەو بەئاوی باران وبەفرو تەرزە بیشۆرەو لە گوناه پاكی بكەرەوە هەروەك چۆن پۆشاكی سپی پاك دەبێتـەوە لـە چڵك. وە ماڵەكەی بۆ بگۆڕە (لـە بەهەشـتدا) بەخانەیـەكی خـۆش تـر لـەوەی دونیـایو كـەس وكارێكی بـدەرێ لـە كـەس و كارەكـەی چـاكترو هاوسـەروخێزانێكی بـدەرێ لەهاوسەرەكەی باشترو بیخـەرە بەهەشـتەوەو پـەنای بـدە لە سزای گۆڕو سزای ئاگری دۆزەخ.

بەڵام كۆرپەی لەبارچوو ئەوەی كە چوار مـانگ یـا زیـاتر بێت، ئەوا دوعای لێ خۆش بوون و رەحمـەتی لـە خـوای گـــەورە دەكرێـــت بـــۆ دایـــك و بـــاوكی. لەبەرئـــەوەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفـەرموێت: (( والسـقط یصـلی

عليه ويدعى لوالديه بالمغفرة والرحمة )). رواه ابو داود وصححه الالباني في أحكام الجنائز ص (٨٠).

واتە: کۆرپەی لەبارچوو نوێژی لەسەر دەکرێت و داوای لێ خۆش بوون و ڕەحمەت دەکرێت بۆ دایك و باوکی.

پاشان دوای تەکبیری چوارەم کەمێك بێ دەنگ دەبێت، پاشان سلاو دەداتەوە بەلای ڕاستیدا بەیەك سلاو، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وای کردووە./رواه الحاكم وحسن اسناده الألباني في أحكام الجنائز ص(١٢٩).

وە دروستە کە سلاوی دووەمیش بداتەوە بەلای چەپیدا./انظر أحكام الجنائز للألباني ص(١٢٧).

- سوننەتە نوێژخوێن هەردوو دەستی لەگەڵ هەموو تەکبیرێکدا بەرز بکاتەوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کردویەتی./أخرجه الدارقطني وجوّد إسناده الشيخ ابن باز كما في فتاواه ١٣/١٤٨.

- ئەگەر کەسێك هەندێك تەکبیری لەدەست چوو وە پیایدا نەگەیشت لەگەڵ ئیمامدا ئەنجامی بدات، ئەوا وەك ئیمام دەکات، بۆ نمونە: ئەگەر لە تەکبیری سێیەمدا گەیشت بە ئیمام، ئەوا وەك ئیمام دەپاڕێتەوە بۆ

مردووەکە، پاشان دوای تەکبیری چوارەمی ئیمام تەکبیر دەکات و (الفاتحة) دەخوێنێ‌و پاشان تـەکبیر دەکاتـەوەو سـلاٌوات دەدات لەسـەر پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) پاشـان سلاٌو دەداتـەوە. ئەگـەر ئەمـەی بۆ کـرا پـێش هـەلٌگرتنی جەنازەکە دەیکات، ئەگەر نا ئەوا سلاٌو دەداتـەوە لەگـەلٌ ئیمامداو هیچی لەسەر نیە.

- هەرکـەس نوێـژی سـەر مـردووی لـە کـیس چـوو ئـەوا دروسـتە بـۆی لەسـەر گۆڕەکـەی نوێژەکـە بکـات، واتـە گۆڕەکە دەخاتـە نێـوان خـۆی و قیبلـەوەو نوێـژی لەسـەر دەکات هەروەك نوێژی جەنازە، لەبەر ئەوەی پێغەمبـەری خوا(ﷺ) وای کردووە. /متفق علیە.

- چاك وایە نوێژ بکرێت لەسەر غائب، واتە ئەو کەسـەی کە لـە شـارێکی تـردا دەمرێـت، ئەگـەر لـەو شـوێنە کـەس نوێژی لەسەر نەکرد.

- موسلٌمانان دەتوانن نوێژ بکەن لەسەر ئەو کەسەی کـە خۆی کوشتووە. وە لەسەر کەسی ڕێگر (قطاع الطریق).

بەلاٌم چاك وایـە بۆ ئـەمیرو زانـای ئـەو شـارە کـە نوێـژی

لەسەر نەكات تا ببێتە پەندو چاوترساندن بۆ غەیری ئەو تا ئەو كارە نەكەن.

- دروستە نوێژ لەسەر مردوو بكرێت لە مزگەوتدا لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) كردوویەتی./رواه مسلم .

وەسوننەت وایە كە شوێنێكی تایبەت دابنرێت بۆ نوێژكردن لەسەر مردوو لە دەرەوەی مزگەوت تا مزگەوت پیس نەبێت. وە چاك وایە ئەو شوێنە نزیك گۆڕستان بێت بۆ ئاسانكاری لەسەر شانی خەڵك.

# هەڵگرتنی مردوو، وە شاردنەوەی

- چاك وایە مردوو لەسەر شان و لەهەر چوار لایەوە هەڵبگیرێت.

- سوننەت وایە خێرایی بکرێت لە بەڕێ کردنیدا بەڵام زۆر نا. چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: ((أسرعوا بالجنازة )).

واتە: دەستوبردو خێرایی بکەن لەبەڕێ کردنی مردوودا.

- دروستە خەڵکی لە پێش یان لە پشتیەوە یان لەڕاست یان چەپی جەنازەوە بڕۆن. ئەمانە هەمووی لە سوننەتدا وارید بووە./انظر: احكام الجنائز للألباني ص(٧٣).

- مەکروهە ئەو کەسەی شوێن جەنازەکە کەوتووە کە پێش ئەوەی جەنازەکە دابنرێت لەسەر زەوی دابنیشێت. لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی لەمە کردووە.

- مەکروهە مردوو لەو سێ کاتەدا بنێژرێت کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی لێ کردووە لەوەی مردووی

تێدا لە گۆڕ بنرێت، ئەویش لە فەرمودەکەی عوقبەی کوڕی عامیردا (ڕەزای خوای لێ بێت) هاتووەو دەفەرموێت:

(( ثلاث ساعات كان رسول الله(ﷺ) ينهانا أن نصلي فيهن أو أن نقبر فيهن موتانا: حين تطلع الشمس بازغة حتى ترتفع، وحين يقوم قائم الظهيرة حتى تميل الشمس، وحين تضيق الشمس للغروب حتي تغرب )). رواه مسلم.

واتە: سێ کات هەن کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی لێ کردووین کە نوێژیان تێدا بکەین یان مردووەکانمانی تێدا بنێژین کە ئەمانەن: کاتێ خۆر هەڵدێت تا بە تەواوی بەرز دەبێتەوە، وە پێش نیوەڕۆ کاتێ ولاَغی ڕاکشاوی بەرخۆر لە تاو گەرما هەڵدەستێ واتە پێش لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان بە کەمێك تا لادەدات، وە کاتێ خۆر لائەدات بەلای ئاوابووندا تا ئاوا دەبێت.

- دروستە مردوو لە گۆڕ بنرێت لە شەودا بێت یان ڕۆژ بەپێی توانا، جگە لەو سێ کاتەی باسکرا.

- سـوننەتە گـۆڕی ئـافرەت لـە كـاتی لـە گۆڕنانیـدا دابپۆشرێت تا زیاتر بشارێتەوە لە چاوی خەڵكی.
- سوننەتە سەرەتا مردوو شۆڕ بكرێتەوە بۆ ناو گۆڕ لەلای قاچی گۆڕەكەوە، پاشان دابەزێنرێتە ناوی. ئەگەر ئەمە نەدەكرا ئەوا لەلای قیبلەوە دەخرێتە ناوی.
- لـە شـێوازی گۆڕەكـەدا (لەحـد) باشـترە لـە (شـەق). پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (( اللحد لنا، والشق لغيرنا )). رواه أبو داود وصححه الألباني في أحكام الجنائز ص (١٤٥).

واتـە: لەحـد بـۆ ئێمـەی نەتـەوەی ئیسـلامەو شـەق بـۆ غەیری ئێمەیە.

(اللحد): بریتیـە لـەوەی كـە چـاڵێك لـە بـنی گۆڕەكـەدا هەڵبكەنـدرێت بـۆ مردووكـە بـەلای رووی قیبلـەدا تـا مردووەكەی تێبخرێت.

وە(الشق): بریتیـە لـەوەی لـە ناوەڕاستی بنی گۆڕەكـەدا چاڵی بۆ بكرێت.

-سوننەت وایە گۆڕ قوڵ بکرێت تا مردووەکە پارێزراو بێت لە دڕندەو لە دەرچونی بۆنەکەی.
-ئەو کەسەی مردووەکە دەخاتە نا گۆڕەکەوە دەڵێ:
((بسم الله وعلى سنة - يان: مِلّة-رسول الله )).
واتە: بەناوی خوا و لەسەر سوننەت و ڕێڕەوی پێغەمبەری خوا(ﷺ).
چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) وای کردووە./رواه ابو داود وصححه الألباني في أحكام الجنائز.ص(١٥٢).
-ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە لە گۆڕنانی مردوو: وەصیيیەکەی پاشان نزیکانی خۆی پاشان هەر موسڵمانێك بێت.
سوننەت وایە مردووەکە لەسەر لای ڕاستیو ڕوو بە قیبلە لە گۆڕەکەیدا دابنرێت. چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (( الكعبة قبلتكم أحياء وأمواتا)). رواه البيهقي وحسنه الألباني في الإرواء (٦٩٠).
واتە: کەعبە قیبلەتانە بە زیندویی و مردوویی.

وەسەرین ناخرێتە ژێرسەری لە خشت و بەرد، چونکە ئەمە ثابت نەبووە، وە دەموچاوی دەرناخرێت مەگەر مردووەکە لە ئیحرامدا مردبێت وەك باسکرا، پاشان چاڵی (لەحد)ەکە دەگیرێ بە خشت و نێوان خشتەکانیش بە قوڕ پڕ دەکرێتەوە.

- سوننەتە دوای تەواو بوون لە دانانی گۆڕەکەیدا هەر موسڵمانێکی ئامادەی ئەو شوێنە سێ مشت لە خۆڵی بکات بەسەردا لەبەر کرداری پێغەمبەری خوا(ﷺ). /رواه ابن ماجة وصححه الألباني في أحكام الجنائز ص(١٥٣).

- سوننەت وایە گۆڕ بە ئەندازەی بستێك بەرز بکرێتەوە تا بزانرێت کە گۆڕەو سوکایەتی پێ نەکرێت. وە دەبێ تەپۆڵکەیی بێت واتە لە وێنەی پشتی حوشتر. چونکە ئەمە سیفەت و شێوازی گۆڕی پێغەمبەری خوایە(ﷺ). /رواه البخاري.

پاشان چەوی دەخرێتە سەر هەر وەك چۆن گۆڕی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وای لێ کراوە. /رواه أبو داود.

تابزانرێت كه گۆڕەو سوكايەتی دەرهەق نەكرێت، پاشان چەوەكە ئاوی لیٚ دەپرژێنرێت لەبەر ئەوەی لە سوننەتدا هاتووە. /روي في ذلك مراسيل صحيحة، انظر الأرواء (٣/٢٠٦).

وەلـە لای سـەريەوە بـەردێك دائـەنرێت تـا بناسـرێتەوە، هـەروەك پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وای كـرد بـە گـۆڕی عوثماني كوڕی مەظعون (ڕەزای خوای لێ بێت). /رواه ابوداود وصححه الألباني في أحكام الجنائز ص(١٥٥).

- حەرامە گۆڕ گەچكاری بكرێت يان بينـای بەسەرەوە بكرێت يان لەسەری بنوسرێت يان لەسەری دانيشی يان بەسـەری دا بـڕۆی، چـونكە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نـەهی كردووە لە هەموو ئەمانە. /رواه مسلم

- مەكروهــە دووكــەس يــا زيــاتر بكرێتــە يــەك گــۆڕەوە مەگەر لەبەر پێويستی، بەوەی مردوو زۆر بێـت و كەسـی دفــن كــار كــەم بــن، هــەروەك پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) شـەهيدەكانی ئوحـودی وا لـیٚ كـرد، وە دەبـیٚ لـە نێـوان هەمو دوو كەسێكدا بەربەستێك دروست بكات لەگڵ.

- سوننەتە ئەگەر کەس وکاری مردوو سەرقاڵ بوون خواردنیان بۆ ببرێت. چونکە کاتێ جەعفەری کوڕی ئەبوطالب (ڕەزای خوای لێ بێت)شەهید کرا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (( أطعموا آل جعفر طعاما فقد أتاهم ما يشغلهم )). رواه أبوداود وصححه الألباني في أحكام الجنائز ص(١٦٧).

واتە: خواردن بدەن بە کەس و کاری جەعفەر چونکە ئەوان حاڵەتێکیان بەسەردا هاتووە کە سەرقاڵی کردوون.

- مەکروهە کەسوکاری مردوو خواردن دروست بکەن بۆ خەڵکی، لەبەر فەرمودەی صەحابە(ڕەزای خوای لێ بێت) کە فەرمویانە: (( كنّا نعدّ صنع الطعام والاجتماع لأهل الميت من النياحة )). رواه أحمد وصححه الألباني في أحكام الجنائز ص(١٦٧).

واتە: ئێمە دروست کردنی خواردن و کۆبوونەوە بۆ کەس و کاری مردوومان بە شین و شەپۆڕکردن و ناشەرعی دادەنا.

- سوننەتە پیاوان بچن بۆ سەردانی گۆڕ، بۆ ئەوەی بپاڕێنەوە بۆ مردووەکان و پەندی لێ وەربگرن. پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (( كنت قد نهيتكم عن زيارة القبور، فزوروها فإنها تذكركم الآخرة )). رواه مسلم .

واتە: من پێشتر نەهیم کردبوو لێتان کە سەردانی گۆڕستان بکەن، بەلاّم ئیتر لەمەودوا سەردانیان بکەن چونکە قیامەتتان بیر دەخاتەوە.

بەلاّم ئافرەتان حەرامە لەسەریان سەردانی گۆڕ بکەن، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ): (( لعن زائرات القبور )).

حديث حسن رواه أهل السنن

واتە: نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی سەردانی گۆڕستان دەکەن.

لەبەر ئەوەی ئافرتان کەم حەوسەڵەن و پێ دەچێ بکەونە حەرامەوە لە ڕومەت ڕنین و شین و شەپۆڕو شتی تر. وە لەوانەیە ببنە هۆکاری فیتنە لەو شوێنەدا کە هۆکاری بیرخستنەوەی قیامەتە.

- ئــەو کەســەی ســەردانی گۆرســتان دەکــات دەڵــێ:
((السـلام علـيكم دار قـوم مـؤمنين، وإنـا إن شـاء الله بكـم لاحقون )). چونکە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمانی بەمـە کردووە. /رواه مسلم .

وەبا موسڵمان وریـاو بـەئاگا بێـت لـە بـە گـەورەگرتنی گــۆڕ، یــان دەســت پێــداهێنانی چــونکە ئەمانــە لــە هۆکارەکانی هاوبەش پەیدا کردنن بۆ خوای گەورە.

# سەرەخۆشی کردن و دڵنەوایی کەس و کاری مردوو (التعزیە)

- سوننەتە سەرە خۆشی بکرێت لە کەس و کاری مردوو بە وتنی: ((إن لله ماأخذ، وله ماأعطى، وكل شيء عنده بإجل مسمى، فاصبر واحتسب )). چونکە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) چەسپاوە. /متفق علیە.

وە ئەگەر بڵێت: (عظَّم الله أجرك) یان (أحسن الله عزاءك) ئەوا هیچی تێدا نییە.

دروستە گریان بۆ مردوو بەبێ زۆر لە خۆ کردن. چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ ئیبراهیمی کوڕی وەفاتی کرد گریا. /متفق علیە

بەڵام بەبێ شین و هاوار کردن.

- دروستە کەس و کاری مردووەکە کات دابنێن بۆ مردوو: واتە واز لە بازرگانی یان دەرچوون بۆ سەیران و گەشت یان شتی تر بهێنێ لەم بابەتە لەبەر غەمباری بۆ مردووەکە. ئەویش تەنها (سێ) رۆژە. مەگەر بۆ ژنی مردوو بۆ مێردەکەی کە پێویستە لەسەری ماوەی

عیددەیەك كە بریتیی‌یە لە چوار مانگ و دە ڕۆژ ئەگەر سك پڕ نەبوو. بەڵام ئەگەر حامیلە بوو ئەوا خۆی دەگرێتەوە بۆ مردووەكەی تا ئەوكاتەی منداڵەكەی دەبێت.

- هاوارو شین و شەپۆڕ (الندب والنیاحة) حەرامە لەسەر مردوو بكرێت، (الندب)بریتیە لە ژماردنی چاكەكانی مردووەكە وەكو ئەوەی بڵێ (ئای كەسی خواردن دەرم ڕۆ - پۆشتە كارم ڕۆ.......هتد). وە(النیاحة) بریتیە لەوەی بگری و گیزەی لێ بێت وەك خوێندنی كۆتر. چونكە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ڕەخنە گرتنی لە قەدەری خوای گەورە .

- هەروەها حەرامە: دڕینی پۆشاك و سەرسنگ و ڕنینی ڕومەت و قژ هەڵكەندن و لەم جۆرە بابەتانە.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (( لیس منا من لطم الخدود، وشق الجیوب، ودعا بدعوى الجاهلیة )). متفق علیه .

واتـه: لەئێمـە نیـە ئـەو کەسـەی ڕومـەتی خـۆی دەڕنێ‌و سەرسنگی دادەدڕێ و بانگەوازی جاهیلی بکات.

والله أعلم وصلى الله على نبينا محمد وعلى اله وصحبه أجمعين.